# وەقایعی کوردستان


## ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە ( ١٣٨ ) چاپی یەکەم سالی یازدەم ١/کانوونی یەکەم/٢٠١١ زاینیی ١٠/سەرماوەز/٢٧١١کوردی ٦/محرم/١٤٣٢کۆچی

138

Waqaehi Kurdistan


لەم ژمارەیەدا :


**یاسای ژمارە ( ١٩ )ی سالی ٢٠١١** ل١

یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لەهەرێمی کوردستان – عێراق .

**یاسای ژمارە ( ٢٠ )ی سالی ٢٠١١** ل٦

یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی سالی ٢٠٠٧ لەهەرێمی کوردستان – عێراق .

**ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی** ل٩

ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز .

**بەیانی ژمارە ( ٢٧-٢٨-٢٩ ) وەزارەتی داد** ل١٣



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد. .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٣٨) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ١/كانون الأول/ ٢٠١١ميلادي ١٠/سەرماوز/٢٧١١كوردي ٦/محرم/١٤٣٢هجري

## في هذا العدد:

138

**قانون رقم (١٩) لسنة ٢٠١١** ص ١٤

قانون وزارة النقل و الاتصالات في اقليم كوردستان – العراق .

**قانون رقم (٢٠) لسنة ٢٠١١** ص ١٨

قانون التعديل الأول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل

رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات وزارة الصحة** ص ٩

التعليمات الخاصة بمرض قلة مناعة الجسم / ئايدز

**بيان رقم (٢٧-٢٨-٢٩) وزارة العدل** ص ١٣

**No.:138 Date: December, 1 , 2011 Vol.: 11**

العنوان : اربيل تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ۳۲ ) ساڵی ۲۰۱۱

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (۱) ی مـاددەی (۱۰) ی یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق ی ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۰۵ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (۸) لە ۲۰۱۱/۱۰/۱۱ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ۱۹ )ی ساڵی ۲۰۱۱

## یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمدا .

**سێیەم :** وەزیر: وەزیری گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمدا .

**چوارەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت .

## ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی وەزارەت بەرز کردنەوەی ئاستی خزمەت گوزاریی گواستنەوەیە بە شێوازی جیاجیا هەروەها خزمـەتگوزاریی گەیاندن بە کەناڵەکانی بینراو و بیستراو و خوێندراوەیەوە ، بە چەشنێك کە لەگەڵ خواستەکانی قۆناغی بووژانـەوەدا بگونجێت کە هەرێم لە ئاستە جیاکاندا پیێدا تێپـەر دەبێـت و هاوشـان رۆیـشتن لەگـەڵ ئـەو نوێکارییـەی کـە ئـەم خزمەتگوزارییانە لە سەر ئاستی جیهاندا دەیبینن و سوود وەرگرتن لە تەکنیکی نوێ لەم بوارەدا .

ئەم ئەرکانەش بەجێ دەگەیێنێت :

**یەكەم :** دروست كردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی فڕۆكەخانە مەدەنییەكان لە هەرێمدا و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی كردنیان بە پێی پێوەری نێودەوڵەتی كە لەلایەن رێكخراوی نێودەوڵەتی فڕۆكەوانیی مەدەنی (**ICAO**) و پێوەری خۆماڵییەوە پەیڕەو دەكرێن .

**دووەم :** دروست كردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی تۆڕەكانی (ترام وای) لە شارەكانی هەرێمدا و تۆڕەكانی هێلی ئاسن لە نێوان شارەكانی هەرێمدا و گرێدانی بە دەرەوەی هەرێم .

**سێیەم :** دروست كردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی هەموو جۆرەكانی (تێرمیناڵ) لە شارەكانی هەرێمدا و بەكرێدان و سەرپەرشتی كردنیان بە گوێرەی مواسەفاتی پێشكەوتوی جیهانی و وەرگرتنی كرێ و رەسمی یاسایی .

**چوارەم :** مسۆگەر كردنی بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن و پەرەپێدانی سیستەمەكانی پەیوەندیی جێگیر و نێودەست (بەتەل و بێتەل) .

**پێنجەم :** دروست كردن و رێكخستن و پەرەپێدانی بنكەكانی پۆستە و دەركردنی پوولی پۆستە و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریی پۆستە بە بەكار هێنانی سیستەمەكانی پۆستەی ئاسایی و خێرا (سەرزەوی و ئاسمانی) لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوەیدا

**شەشەم :** دروست كردن و فراوان كردن و سەرپەرشتی كردنی وێستگەكانی كەشناسی و بوومەلەرزەزانی بە گوێرەی رێڕەوی نێودەوڵەتی و دابین كردنی ئامێر و كەل و پەلی پێویست .

**حەوتەم :** بەخشینی مۆڵەت بە تێكڕای بوارەكانی گواستنەوەی زەوینی و ئاسمانی و گەیاندن و پۆستە بۆ كۆمپانیاكانی وەبەرهێنی ناوخۆ و بیانی و بەدواداچوونیان بە پێی ئەو گرێبەستەی كەلە نێوانی وەزارەت وئەو كۆمپانیایانەی مۆر دەكرێت و ناشكرێ وەزارەت هیچ مەرجێك قبووڵ بكات كەببێتە مایەی قۆرخ كردن .

**هەشتەم :** رێكخستن و تەرخان كردنی لەرینەوەكانی بەكار هاتوو لە سیستەمەكانی گەیاندنی دەنگ و رەنگدا لە چوارچێوەی سنووری هەرێمدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار .

**نۆیەم :** رێكخستن وە پەرە پێدانی تەكنەلۆژیای زانیاری و تۆری ئەنتەرنێت لە هەرێمدا و سەرپەرشتی كردنیان .

**دەیەم :** سەرپەرشتی كردنی نوسینگەكانی گواستنەوە لە نێوانیشاندا نوسینگەكانی گواستنەوە و لە تێكڕای دەروازەكانی سنووری هەرێم و وەرگرتنی كرێ و رەسم و بەكارهێنانی (مەنەفێست) بە پێی یاساو بە هەماهەنگی لەگەل لایەنانی پەیوەندیداردا .

**یازدەم :** مەشق پێ كردن و شیاندنی كارمەندانی وەزارەت لەهەموو بوارەكاندا .

**دوازدەم :** هەمەهانگی کـردن لەگـەڵ وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدنی فیدراڵـدا بـۆ جێبـە جـێ کردنـی پـرۆژە ستراتیژییەکانی گواستنەوە و گەیاندن کە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایـەکانی هـەرێم دەبنـە بەشـێك لـە رووبەری جوگرافیاکەی و وەزارەتیش لە ئامادەکردنی دیزاینەکان و تێکرای قۆناغەکانی جێبەجێ کردن و وە گەڕخستن و چاککردنەوە لە چوارچێوەی سنووری هەرێمدا بەشدار دەبێت .

**سیانزدەم :** هانی وەبەرهێنان لە بوارەکانی گواستنەوە و گەیانـدن کـە وەزارەت بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ دەسـتەی وەبەرهێنانی هەرێم لەم بوارەدا دیاری دەکات .

**ماددەی سێیەم :** وەزارەت بریتیە لەم پێکهاتانەی دادێن :

**یەکەم :** وەزیر : سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسیشە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و پیـادە کردنـی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی و هەموو بڕیار و فـەرمان و و رێنماییـەکانیش لـە وەوە دەردەچـن و بەسەر پەرشتی ئەویش جێبەجێ دەکرێن لە هەموو شـتێکی پەیوەنـدی بـە ئـەرکی وەزارەت و پێکهاتـەو دەسەڵاتەکانی و تێکرای کاروباری تـەکنیکی و دارایـی و کـارگێری و رێکخـستنیەوە هەیـە بـە گـوێرەی حوکمەکانی یاسا و ، لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەرپرس دەبێت چونکە ئەندامێکی هاوکارە تێیدا و بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بداتە بەڕێوەبەرانی گشتی یان هەر کەسێکی لە وەزارەتـدا بـە گونجاوی بزانێت .

**دووەم :** نووسینگەی وەزیر : گرێدراوی وەزیر دەبێت و فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێکیش هاریکاری دەکەن .

**سێیەم :** ڕاوێژکاران : ژمارەیان لە سێ زیاتر نابێت ، لەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەیە ، خاوەن شارەزایی و پسپۆرین .

**چوارەم :** دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێم : گرێدراوی وەزارەت دەبێت و فەرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێناوە سەرۆکایەتی دەکات و لە کاری خۆشیدا بەر حوکمەکانی یاسای دەزگای فڕۆکەخانەی مەدەنیی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەکەوێت کـە لـە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە .

**پێنجەم :** بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی : ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی دادێـن گرێـدراوی وەزارەت دەبـن ، هـەر یەکەشیان بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و لەوانەی خاوەن شـارەزایی و پـسپۆرین سەرۆکایەتی دەکات .

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێڕی و دارایی .

٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون .

٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسن و ترام وای .

٥. بەڕێوەبەرایەتی گشتی كەشناسی و بوومەلەرزەزانی .

## ئە نجومەنی راوێژكاری

**ماددەی چوارەم :**

**یەكەم :** ئەنجومەنی راوێژكاریی وەزارەت پێك دێت لە :

١- وەزیر – سەرۆكی ئەنجومەن .

٢- سەرۆكی دەزگای گشتی فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمدا – ئەندام .

٣- راوێژكاران – ئەندام .

٤- بەرێوەبەرە گشتییەكان – ئەندام .

**دووەم :** وەزیر بۆی هەیە میوانداریی هەر كەسێكی خاوەن ئەزموون بكات كە لە كاتی پێویستدا لە ناوەوەی وەزارەت یان لە دەرەوەیدا كە بە گونجاوی دەزانێت بۆ بەشداری كردن لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن بە بێ ئەوەی مـافی دەنگدانی هەبێت .

**سێیەم :** ئەنجومەن تایبەتمەند دەبێت بە گفتوگۆ كردن و هەڵـسەنگاندنی چـالاكییەكانی وەزارەت و لێكۆڵینـەوە لـە رێكارەكانی بەرز كردنەوەی ئەدای و پێشكەش كردنی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەر كردنـی ئـەو كێـشە و ئاستەنگانەی رەنگە بێنە رێی .

**ماددەی پێنجەم :**

**یەكەم :** وەزیر بۆی هەیە هەر بەرێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەیەك لە چوارچێوەی پێكهاتەی وەزارەت بە گـوێرەی خواستی كارەكەی ، لە نوێ بكاتەوە یان تێكەڵ بكات یان هەڵی بوشێنێتەوە .

**دووەم :** بە پەیڕەوێك ئەرك و پسپۆڕایەتیی پێكهاتەكانی وەزارەت دیاری دەكرێن .

**سێیەم :** وەزیر بۆی هەی رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیر بۆی هەیە دوای بەدەست هێنانی رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران رێككەوتننامە و گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیا و لایەنانی بیانی لە بواری پسپۆڕایەتیی وەزارەتدا مۆر بكات .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەكەم :** یاسای وەزارەتی گواستنەوە ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ و یاسای وەزارەتی گەیاندن ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ٢٠٠٦ هەڵدەوەشێتەوە .

**دووەم :** هەموو ماف و پەیوەستییەكی گواستنەوە و گەیاندن و میلاكی هەردوو وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدنی هەڵوەشاوە دەچنە ئەستۆی وەزارەتەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن .

**ماددەی نۆیەم :**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی دەیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت .

**مسعود بـارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عێراق**

**هـــەولـــێر**

٢/تشرینی دووەم/٢٠١١ی زایینی

١١/گـەلارێـزان /٢٧١١ی كوردی

٦/ذوالحـــــجە/١٤٣٢ی كۆچی

## هۆی دەرچوونی

لەبەر ئەوەی هەردوو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمدا بە پێی یاسای ژمارە (١١)ی سـاڵی ٢٠٠٩ كرانـە یەك وەزارەت و لە پێناو دووبارە رێكخستنەوەی وەزارەتی لە نوێ دانراو بە گوێرەی ماددەی (٧)ی و لە پێنـاو بـەرز كردنەوەی واقیعی خزمەتگوزاریی گواستنەوە و گەیاندن كە وایان لێ بكرێت لەگەڵ خواستەكانی قۆناغی بووژانەوەدا بگونجێن كە هەرێم پێیدا تێپەڕ دەبێت ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٣٣ ) ساڵی ٢٠١١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ٢٠١١/١٠/١١ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٢٠ ) ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە ( ٢٦ )ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەوەشێتەوە و کارکردن بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیاری ژمارە (٥٢٠) ی ساڵی ١٩٨٧ رادەگیرێت و لەهەرێمی کوردستان – عێراقدا ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(دووەم : ١- مامەڵەی بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون یان یەك شوقەی نیشتەجێ بوون یان یەك پارچە زەویی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون کەرووبەرەکەی لە (٨٠٠ م٢ ) زیاتر نەبێت کە لە نێوان دایك و باوك و رۆڵەکانیان یان لە نێوانی هاوسەراندا دەکرێت ، لە باجی دەرامەت دەبەخشرێت.

٢- ئەگەر پێ بەخشراو هەڵسوکەوتی گواستنەوەی موڵکایەتیی کرد لەو خانووە یان شوقەی نیشتەجێ بوونە یان پارچە زەوی ئامادە کراوە بۆ نیشتەجێ بوونی کە پێی بەخشراوە لە ماوەی پێنج ساڵ لە رۆژی تۆمار کردنی بە ناوی ئەوەوە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە ( تاپۆ ) ، ئەم هەڵسوکەوتە باجی دەرامەتی لە سەرە و مافی ئەو بەخشینە نایگرێتەوە کە لە بڕگەی (٢٠) ی ماددەی حەوتەم لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموار کراو و کار پێکراو لە هەرێمدا هاتووە ) .

**ماددەی دووەم :**

بڕگەی (سێیەم ) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەڵدەوەشێتەوە و ، کارکردن بە جێبەجێ کردنی بە بڕگەی (٢٠) لە ماددەی (حەوتەم) ی یاسای ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ رادەگیرێت و ، لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە :

أ- خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان هەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی مۆڵکایەتی کە هەقی فرۆشتنەکەی هەر چەند بێت .

ب- یەك پارچە زەویی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێ بوون بە مەرجێك رووبەری زەوی ناوبراو کە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کراوە لە (٨٠٠ م٢) زیاتر نەبێت ، ئەگەر رووبەرەکەی لەو رادەیە زیاتر بوو ، زیادەکە باجی دێتە سەر .

ج- راسپێردراو سوود لەو بەخشینە وەرناگرێت کە لە هەر دوو بەندی (أ،ب) ی ئەم بڕگەیە دایە تەنیا بۆ یەك جار نەبێت لە ماوەی پێنج ساڵ لە رۆژی وەرگرتنی بەخشینەکەوە .

**ماددەی سێیەم :** بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (دووەم) ی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە :

(باجێکی بڕاوە دەسەپێندرێت بە رێژەیەکی روو لە زیادە لە بەهای خانووبەرە یان مافی هەڵسوکەوت کردن پێی کە بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای خەملاندنی بەهای خانووبەرە و سوودەکانی ژمارە (٨٥) ی ساڵی ١٩٧٨ دیاری کراوە یان هەقەکەی کە کامیان پترە بەسەر خاوەنی خانووبەرە یان مافی هەڵسوکەوت کردن پێی لە کاتی گواستنەوەی موڵکایەتی یان مافی هەڵسوکەوت کردن بە هەر شێوازێك لە شێوازەکانی گواستنەوەی موڵکایەتی یان بەدەست هێنانی مافی هەڵسوکەوت یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و گۆڕینەوە و پێکهاتن و وازهێنان و لابردنی کۆبەشی (ازالة الشیوع) و پاکتاو کردنی وەقف یان بانەوانی (مساطحة ) و کرێچی هەمان مامەڵەی خاوەن موڵکی لەگەڵدا دەکرێت لە کاتی بەکرێ دانی ئەو خانووبەرەیەی بە گرێبەستی بانەوانی (مساطحة ) کەوتووەتە بەر هەڵسوکەوتی ئەوەوە و، بە گوێرەی ئەمەی دادێ هەژمار دەکرێت :

١- رێژەی ٥٠٪ لەبەهای خەملێندراوی خانووبەرە یان هەقەکەی کامیان زیاترە دادەگیرێت بەر لەهەژمار کردنی باج

٢- ئەو بڕەی دەمێنێتەوە باجی دێتە سەر و بەم جۆرەی دادێ هەژمار دەکرێت :

أ- ١٪ تا (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) سەد ملێون دیناری عێراقی .

ب- ٢٪ بۆ ئەوەی لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) سەد ملێون دیناری عێراقی زیاتر بوو تا(٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد ملێون دیناری عێراقی .

ج- ٣٪ بۆ ئەوەی لە (٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد ملێون دیناری عێراقی زیاتر بوو تا (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملێون دینار عێراقی .

د- ٥٪ بۆ ئەوەی لە(٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملێون دینار عێراقی زیاتر بوو .

٣- بڕگەی (١) سەرەوە بەسەر ئەو پشك و بەشەی فرۆشراوانەی خانووبــەرەی جیــاكراوە بەشــێوەیەكی نافەرمیــشدا پیــادە دەكرێت بە ڕێژەی بەش یان پشك .

٤- حوكمەكانی بڕگەی (١)ی سەرەوە پیادە ناكرێت ئەگەر فرۆشیار موڵكایەتیی پشك یان بەشی ئەو خانووبەرەیەی هەیەتی گواست بێتەوە ، ئەگەر پتر لە ساڵێك بەسەر بەرواری گواستنەوەی پشك یان بەشەكەدا تێپەڕ نەبوو بێت

**ماددەی چوارەم :**

بڕگەی ( چوارەم) لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموار دەكرێت :

(چوارەم: بەڕێژەی ٥٪ باج بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هەرێمدا دەسەپێنرێت كە مووچەیان لە ملیۆنێك دینار بۆ تێكڕایــی پلــەكانی فەرمانبەریــەتی وكــەرتی تایبــەتی زیــاترە كــە بەفــەرمی تۆمــاركراوان وخــاوەن پۆســت و پلــەی وەزیفی تایبەتن).

**ماددەی پێنجەم :**

ئەو یاسا و بڕیارانەی باج كە لە هەرێمی كوردستاندا لە كاردان هەر كاریان پــێ دەكرێــت بــەوەی لەگــەڵ حوكمــەكانی ئــەم یاسایەدا ناكۆك نەبن .

**ماددەی شەشەم :**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات .

**ماددەی حەوتەم :**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایەدا جێبەجێ بكەن .

**ماددەی هەشتەم :**

كار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكرێت .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان) دا كاری پێ دەكرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عێراق**

**هــەولــێر**
٢/تشرینی دووەم/٢٠١١ی زایینی
١١/گەلارێزان /٢٧١١ی كوردی
٦/ذوالحــــــجە/١٤٣٢ی كۆچی

## هۆیەكانی دەرچوونی

بۆ سووك كردنی باری باج لەسەر شانی هاووڵاتیان وچاو خشاندنەوە بە بەخشینەكانی باج ، ئەم یاسایە ئەرێ كرا.

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ١٨٥٣٥ لە ٢٠١١/١٠/٢٥**

## ( ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز )

پاڵپشت بەیاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) ماددەی (٤٨) / بەشی سێیەم / قەلاچۆکردنی نەخۆشیەگوازراوەکان ، وە بەمەبەستی پێشگیری و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییانە :

**مادده یەکەم :**

**بڕگەی (١):**

هەموو هاوولاتیەکی عێراقی ئەگەر ماوەی مانەوەی لە دەرەوەی عێراق لە (٩٠) نەوەت رۆژ زیاتر بوو کە دێتە ناو هەرێمی کوردستانی عیراق پێویستە سەردانی سەنتەری پشکنینی نەخۆشی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز بکات لە پارێزگاکانی هەرێم (پاراستنی تەندروستی) وپێویستە لایەنە پەیوەندداره‌کان لە خالە سنووریەکان و فرۆکەخانەکان ئاگاداری شاندکراوی عێراقی بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی (١٠) رۆژدا سەردانی سەنتەری پشکنینی نەخۆشی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز بکات بۆ ئەنجامدانی پشکنین بۆ چەسپاندنی بارەکەی .

**بڕگەی (٢) :** سەبارەت بەشاندی بیانی :

پشت دەبەسترێت بەو بەڵگەنامە تەندروستیە فەرمیانەی کە لە دەرەوەی عێراقەوە نێردراون کەماوەکەی لە (٣٠) سی رۆژ تێپەڕ نەبووبێت وتیایدا بسەلمێنرێت کە شاندی بیانی پاکە (**Negative**) لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز و پشت راست کرابێتەوە لەلایەن بالوێزخانە یان قونسولگەری عێراق لە دەرەوە.

**بڕگەی (٣):**

شاندکراوی بیانی پشکنینی بۆ دەکرێت تەنها لەسەنتەری پشکنینی نەخۆشی کەمی بەرگری لەش / ئەیدز لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (پاراستنی تەندروستی ) ئەگەر بڕوانامەی تەندروستی باوەڕ پێکراوی پێ نەبوو وەك لە برگەی دووەم .

**بڕگەی(٤):**

پشت نابەسترێت بەبروانامەی پزیشکی ئەو وولاتانەی کە نەخۆشیەکە تیایاندا نیشتەجێیە بەشێوەیەکی زۆر بلاو ، بۆ ئەمەش پشت دەبەسترێت بە دوایین راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی کە ڕیزبەندی ولاتەکانی تێدا دەست نیشان دەکرێت .

**ماددەی دوو :**

لایەنە پەیوەندداره‌كان لە فرۆكەخانەكان و خاڵە سنووریەكان هەڵدەستن بە مۆركردنی پاسەپۆرتی شاندی بیانی بەمۆرێكی تایبەت بەمانەوە و ئاگاداركردنەوەی شاندكراو بۆ سەردانیكردنی سەنتەری پشكنینی نەخۆشی كەمی بەرگری لەش / ئەیدز ئەگەر ماوەی مانەوەی لە (١٠) دە رۆژ تێپەڕی كرد (بەپێی مۆرە تایبەتیەكە ).

**ماددەی سێیەم :**

بەڕێوەبەرایەتیەكانی نشینگە لە پارێزگاكانی هەرێم لایەنە پەیوەندداره‌كان لە خاڵە سنوریەكان و فرۆكەخانەكان پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی پشكنین بۆ ئەوكەسانەی كەدەچنەدەرەوەی وولات و ئەوانەی ماددەی (١) برگەی (١ ، ٢) و ماددەی (٢) ش دەیانگرێتەوە ، بەتێبینی كردنی بوونی مۆری سەنتەری پشكنین بە پاسەپۆرتەكەیانەوە كە بەرواری پشكنینەكەش لە خۆ دەگرێت ، ئەگەر تێبینی ئەوەكرا كە پشكنینەكەی ئەنجام نەداوە ئەوا ڕەوانەی بنكەی تەندروستی خاڵی سنووری یان فرۆكەخانەكان دەكرێت بۆ پشكنین .

**ماددەی چوار :**

**برِگەی (١) :**

سەرپێچیكارانی ماددەی (٣) دوای وەرگرتنی نمونەی خوێن لێیان سزا دەدرێت بە بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عێراقی ئەگەر هاووڵاتی عێراقی بێت وە (١٢٥) سەد و بیست وپێنج یۆرۆ (یان هاوتاكەی بە دراوەكانی تر ) ئەگەر بیانی بێت و لەكاتی دووبارەكردنەوەی سەرپێچیەكە ئەوا سزاكە دەبێتە دوو هێندە .

**برِگەی (٢):**

ئەركی سەرپەرشتیارانی خاڵە سنووریەكان و فرۆكەخانەكان سزای برگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بچەسپێنن و لەكاتی پابەند نەبوونی لایەنی سەرپێچیكار بەلەئەستۆگرتنی بڕی پارەی دیاریكراوی سزاكە ، پێویستە لە ڕێگەی دادگاوە كێشەكە یەكلایی بكرێتەوە .

**برِگەی (٣):**

كاتیك شاندەكە عێراق بەجێدەهێلێت ئەنجامی پشكنین و بروانامەكەشی كەخاوێنی لە ئەیدز دەردەخات كاری پێناكرێت.

**برِگەی (٤):**

هەر (٩٠) نەوەت رۆژ جارێك پشكنینی وەختاو وەختی بۆ شاندە عێراقی و بیانیە هاتوچۆكارەكانی هەرێمی كوردستان دەكرێت مەبەستیش لە هاتووچۆكار ئەو كەسانەن كەوا بەلایەنی كەمی لە ماوەی (٩٠) رۆژدا دووجار گەشت دەكەن .

**بڕگەی ( ٥ ):**

دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کـاری خـۆ پـارێزی پێویـست ئـەنجام دەدەن و ئاگـاداری شاندەکە و بەرێوەبەرایەتیەکانی نشینگە و پاسەپۆرت لە پارێزگاکانی هەرێم دەکەنەوە لە ئەنجامی پشکنینەکە ئەگەر هاتوو پۆزەتیڤ بوو لە ماوەی پێنج رۆژ لە دەرچوونی ئەنجامەکە .

**بڕگەی ( ٦ ):**

ئەو شاندانەی کەبانگ کراون بەداخوازینامەی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەو رێکخراوە نێو دەولەتیانەی کە لە کوردستان و عێراق کاردەکەن ، ئەگەر هاتوو مانەوەکەیان لە (١٥) رۆژ کەمتر بوو پشکنینی ئەیدزیان بۆ ناکرێت ، داخوازینامەکەشیان بە نووسراوێکی فەرمی پشتگیری کرابێت لەلایەنی حکومی یان رێکخراوە نێودەولەتیە داخوازیکارەکەوە.

**ماددەی پێنجەم :**

وەزارەتی تەندروستی تێچووی پشکنین بۆ ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش /دیاری دەکات بەم شێوەیە :

١- ٣٠٠٠سێ هەزار دیناری عێراقی بۆ هاوولاَتیانی عێراقی و قوتابیانی نیشتەجێی هەرێم .

٢-٣١٥٠٠سـی و یـەك هـەزار و پێـنج سـەد دینـار بـۆ بیانیـان بەرامبـەر ئەنجامـدانی پـشکنینەکانی ( + HIV HBV+HCV) بۆی .

**ماددەی شەشەم :**

دابەشکردنی ئەو داهاتەی کە لە ئەنجامی پشکنین بۆ ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش /ئەیدز دەسـت دەکـەوێت : بـەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- ٤٠٪ بۆ گەشەپێدان .

٢- ٤٠٪هاندان بۆ کارمەندانی یەکەکانی تەندروستی و تاقیگەی شاند کراوەکان .

٣- ٢٠٪ داهاتی کۆتایی بۆ حکومەت .

**ماددەی حەوتەم :**

**بڕگەی( ٧ ):** ئەمانەی خوارەوە لەپشکنین دەبەخشرێن .

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان .
- سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی .
- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و ئەندامانی پەرلەمان .
- وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیر .
- بریکاری وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ئەوانەی پلەی تایبەتیان هەیە .

- هەموو باڵوێزەكان و ئەندامانی نوێنــەرە دبلۆماســی و قونــسولگەریەكان و ئەوانــەی بــە پاســەپۆرتی دبلۆماســی كاردەكەن لە ڕێكخراوەكانی نەتەوەیەكگرتوەكان لە هەرێم .

- هەموو حاجیە موسوڵمانەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق و بیانیەكان پشكنینی ئەیدزیان بۆ ناكرێت .

**بڕگەی (٢):**

ئەو تەمەنانەی خوارەوەش لە شاندەكانی هەرێمی كوردستان و عێراق و بیانیەكان پشكنینی ئەیدزیان بۆناكرێت :

- ئەو شاندە نێرینەیەی كەوا تەمەنی لە (٦٠) ساڵ زیاترە .

- ئەو شاندە مێینەیەی كەوا تەمەنی لە (٥٠) ساڵ زیاترە .

- ئەو منالآنەی كەوا تەمەنیان لە (١٤) ساڵ كەمترە (نێر و مێ) .

دیاریكردنی تەمەن تەنیا لەسەر بنچینەی ساڵە .

**بڕگەی (٣) :**

پشكنینی كەمی بەرگری لەش / ئەیدز بۆ هەموو كەسێك بكرێت كە لەوانەیە مەترسی گەورە دروست بكــەن لەســەر تەنینەوەی نەخۆشیەكە ئەمانەش ڕێنماییەكانی سەرەوە نایانگرێتەوە پێویستە خوێنیــان لێ وەربگیرێــت لــە بنكــەی تەندروستی هاتنە ناوەوەی سنوری بە مەبەستی پشكنین .

**ماددەی هەشتەم :**

**بڕگەی (١):**

وەزیری تەندروستی بۆی هەیە چاو بەو سزایانەدابخشێنێتەوە كە لەو ڕێنمایەدا هاتوون .

**بڕگەی (٢):**

تەنیا وەزیری تەندروستی لەحكومەتی هەرێمی كوردستان دەسەلآتی بواردنی كەسێكی لەو پشكنینانەو پێداچونەوەی ئەو ڕێنماییانە هەیە .

ماددەی نۆیەم :

ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەكرێت لەڕۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ٢٠٣٣ لە ٢٠١١/١١/٢٩**

## بەیانی ژمارە ( ٢٧ )

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لە یاسای وەزارەتی دادی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی دارەتوو

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

---

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ٢٠٣٤ لە ٢٠١١/١١/٢٩**

## بەیانی ژمارە ( ٢٨ )

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لە یاسای وەزارەتی دادی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی ئەم هۆبانەی خوارەوە لە ئەنجومەنی شورای هەرێم .

١- هۆبەی کۆمپیوتەرو IT
٢- هۆبەی میلاکات
٣- هۆبەی کۆگا
٤- هۆبەی پێداچوونەوە
٥- هۆبەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەران

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

---

**وەزارەتـــــــــــــی داد**

**ژمارە : ٢٠٣٢ لە ٢٠١١/١١/٢٩**

## بەیانی ژمارە ( ٢٩ )

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لە یاسای وەزارەتی دادی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی ئەم هۆبانەی خوارەوە لە سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی .

١- هۆبەی یاسایی
٢- هۆبەی میلاکات
٣- هۆبەی بوودجە
٤- هۆبەی کۆگا
٥- هۆبەی کۆمپیوتەر

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

**بأسم الشعب**

**قرار رقم ( ٣٢ ) لسنة ٢٠١١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٨) في ٢٠١١/١٠/١١ قررنا إصدار :

**قانون رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠١١**

**قانون وزارة النقل و الاتصالات في اقليم كوردستان – العراق**

**المادة الأولى :**

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذا القانون :

**أولاً :** الإقليم : اقليم كوردستان – العراق .

**ثانياً :** الوزارة : وزارة النقل و الاتصالات في الإقليم .

**ثالثاً :** الوزير : وزير النقل و الاتصالات في الإقليم .

**رابعاً :** المجلس : المجلس الاستشاري للوزارة.

**أهداف و مهام الوزارة**

**المادة الثانية :**

تهدف الوزارة الى الارتقاء بمستوى خدمات النقل بطرقه المختلفة و خدمات الاتصالات بقنواتها المرئية و المسموعة و المقروءه بحيث تلائم و متطلبات المرحلة التنموية التى يمر بها الاقليم على مختلف الاصعدة ومواكبة المستجدات التي تشهدها هذه الخدمات على الصعيد العالمي و الاستفادة من التقنيات الحديثة في هذا المجال .

- وتقوم بالمهام لاتية :

**أولاً :** انشاء و تشغيل و تطوير المطارات المدينة في الاقليم و ادارتها و الاشراف عليها وفق المعايير الدولية المعتمدة من قبل منظمة الطيران المدني الدولي (ICAO) والمعايير المحلية .

**ثانياً :** انشاء و تشغيل و تطوير شبكات (الترام واي) في المدن الاقليم و شبكات السكك الحديدية بين مدن الاقليم و ربطها بخارج الاقليم .

**ثالثاً :** انشاء وتشغيل و تطوير كافة انواع (المرائب) في مدن الاقليم و تأجيرها والاشراف عليها حسب المواصفات العالمية المتطورة و استيفاء الاجور و الرسوم القانونية .

**رابعاً :** تأمين ادارة و تشغيل و تطوير انظمة الاتصالات الثابتة و المحمولة (السلكية و اللاسلكية) .

**خامساً :** انشاء و تنظيم و تطوير مراكز البريد و اصدار الطوابع البريدية و تقديم الخدمات البريدية بأستخدام انظمة البريد العادي و السريع (السطحي و الجوي) داخل الاقليم و خارجه .

**سادساً :** انشاء و توسيع والاشراف على محطات الانواء الجوية و الرصد الزلزالي وفق السياقات الدولية و توفير الاجهزة و المعدات اللازمة .

**سابعاً :** منح التراخيص لكافة مجالات النقل البري و الجوي و الاتصالات و البريد للشركات المستثمرة المحلية و الاجنبية و متابعتها بموجب عقود تبرم بين الوزارة و تلك الشركات و لايمكن للوزارة قبول أي شرط تؤدي الى الاحتكار

**ثامناً :** تنظيم و تخصيص الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتية و المرئية ضمن حدود الاقليم و بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة .

**تاسعاً :** تنظيم وتطويرتكنولوجيا المعلومات و شبكة الانترنيت في الاقليم و الاشراف عليها .

**عاشراً :** الاشراف على مكاتب النقل بما فيها مكاتب النقل في كافة المعابر الحدودية للاقليم و استيفاء الاجور و الرسومات و استخدام ( المنفيست) وفقاً للقوانين و بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة .

**حادي عشر :** تدريب و تأهيل منتسبي الوزارة في جميع المجالات .

**ثاني عشر :** التنسيق مع وزارة النقل و الاتصالات الفدرالية في تنفيذ مشاريع النقل و الاتصالات الاستراتيجية التي تكون اية محافظة من محفظات الاقليم جزءاً من رقعتها الجغرافية وتشارك الوزارة في اعداد التصاميم و كافة مراحل التنفيذ و التشغيل و الصيانة ضمن حدود الاقليم .

**ثالث عشر :** تشجيع الاستثمار في مجالات النقل و الاتصالات التي تحددها الوزارة بالتنسيق في هذا الشأن مع هيئة الاستثمار في الاقليم .

**المادة ثالثة :** تتألف الوزارة من التشكيلات الاتية :

**أولاً :** الوزير : هو الرئيس الأعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها و ممارسة الاشراف و الرقابة عليها و تصدر منه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامنا فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى المدراء العامين أو من يراه مناسبا في الوزارة .

**ثانياً :** مكتب الوزير : يرتبط بالوزير ويرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين .

**ثالثاً :** المستشارون : لايزيد عددهم عن ثلاثة ، ممن لهم شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص .

**رابعاً :** مؤسسة المطارات المدنية في الاقليم : ترتبط بالوزارة ويرأسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وتخضع في عملها لأحكام قانون مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان – العراق رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٨ الصادر من برلمان كوردستان .

**خامساً :** المديريات العامة : ترتبط بالوزارة المديريات العامة الآتية يرأس كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص .

١- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية .

٢- المديرية العامة للبريد و الاتصالات .

٣- المديرية العامة للتخطيط و المتابعة .

٤- المديرية العامة للنقل البري و السكك الحديدية و (الترام واي) .

٥- المديرية العامة للأنواء الجوية و الرصد الزلزالي .

## المجلس الاستشاري

**المادة الرابعة :**

**أولاً :** يشكل المجلس الاستشاري للوزارة من :

١- الوزير - رئيساً للمجلس .

٢- رئيس المؤسسة العامة للمطارات المدنية في الاقليم - عضواً .

٣- المستشارين - أعضاء .

٤ – المدراء العامين - أعضاء .

**ثانياً :** للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة ويراه مناسبا من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون أن يكون له حق التصويت .

**ثالثاً :** يختص المجلس بمناقشة و تقييم نشاطات الوزارة و دراسة سبل ارتقاء ادائها و تقديم المقترحات المناسبة لحل المشاكل و المعوقات التى قد تواجهها .

**المادة الخامسة :**

**أولاً :** للوزير استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الاقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

**ثانياً :** يحدد بنظام مهام و اختصاص تشكيلات الوزارة .

**ثالثاً :** للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السادسة :**

للوزير ابرام الاتفاقيات و العقود مع الشركات و الجهات الاجنبية في مجال اختصاصات الوزارة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء .

**المادة السابعة :**

**أولاً :** يلغى قانون وزارة النقل رقم (١٢) لسنة ٢٠٠٦ ، وقانون وزارة الاتصالات رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٦.

ثانياً : تؤول جميع حقوق و التزامات النقل و الاتصالات و ملاكات وزارتي النقل و الاتصالات الملغاة الى الوزارة .

**المادة الثامنة :**

لايعمل بأى نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون .

**المادة التاسعة :**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة العاشرة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**مسعود بارزانى**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هـــەولـــير**

٢/تشرين الثاني/٢٠١١ى ميلادية
١١/گـەلاريـــزان/٢٧١١ى كوردية
٦/ذوالحـــــــجة/١٤٣٢ى هجرية

## الاسباب الموجبة

نظراً لدمج وزارتي النقل و الاتصالات في الاقليم بوزارة واحدة بموجب القانون ذي الرقم (١١) لسنة ٢٠٠٩ و بغية اعادة هيكلة الوزارة المستحدثة وفقاً للمادة (٧) منه و لاجل الارتقاء بواقع خدمات النقل و الاتصالات و جعلها تتلائم و متطلبات المرحلة التنموية التي يمر بها الاقليم ، فقد شرع هذا القانون

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة الاقليم**

**الرئيس**

**بأسم الشعب**

**قرار رقم ( ٣٣ ) لسنة ٢٠١١**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٨) في ١١ /٢٠١١/١٠ قررنا إصدار :

## قانون رقم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠١١

## قانون التعديل الأول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم ( ٢٦ ) لسنة ٢٠٠٧ في اقليم كوردستان – العراق

**المادة الأولى :**

تلغى الفقرة (ثانياً) من المادة الثانية من القانون رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧ و يوقف نفاذ الفقرة الثانية من القرار المرقم (٥٢٠) لسنة (١٩٨٧) و يحل محلها في اقليم كوردستان – العراق ما يلي :

(ثانياً : ١- تعفى من ضريبة الدخل معاملات هبة دار سكن واحدة أو شقة سكنية واحدة أو قطعة ارض واحدة معدة للسكن لا تزيد مساحتها عن (٨٠٠م٢) التي تتم بين الأبوين و أولادهما أو بين الزوجين .

٢ – إذا تصرف الموهوب له تصرفاً ناقلاً للملكية في الدار أو الشقة السكنية أو قطعة الأرض المعدة للسكن الموهوبة له خلال مدة خمس سنوات من تاريخ تسجيلها بأسمه في دائرة التسجيل العقاري ، فان هذا التصرف يخضع لضريبة الدخل و لايتمتع بالأعفاء المنصوص عليه في الفقرة (٢٠) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ المعدل النافذ في الاقليم)

**المادة الثانية :**

تلغى الفقرة (ثالثاً) من المادة (الثانية) من القانون رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧، ويوقف نفاذ الفقرة (٢٠) من المادة (السابعة) من القانون رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ و يحل محلها في اقليم كوردستان – العراق مايأتي :

الفقرة (٢٠) :

أ- الدار أو الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع أو بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع .

ب- قطعة أرض واحدة معدة للسكن على أن لاتزيد مساحة الأرض المعدة للسكن المذكورة على (٨٠٠م٢) ، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة .

ج - لايستفيد المكلف من الأعفاء الوارد في البندين (أ ، ب) من هذه الفقرة إلا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء .

**المادة الثالثة :**

تعدل الفقرة (ثامناً) من المادة (ثانياً) من القانون رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧ و تقرأ كالآتي :

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار أو حق التصرف فيه المقدر وفق أحكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (٨٥) لسنة ١٩٧٨ أو البدل أيهما أكثر على مالك العقار أو صاحب حق التصرف فيه عند نقله الملكية أو حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية أو كسب حق التصرف أو نقله كالبيع والمقايضة و المصالحة و التنازل وإزالة الشيوع و تصفية الوقف أو المساطحة و يعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة و يحتسب وفقاً لما يأتي :

١- تنزل نسبة (٥٠٪) من قيمة العقار المقدر أو البدل أيهما أكثر قبل احتساب الضريبة .

٢- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي و تحتسب كما يلي :

أ- ١٪ لغاية ( ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) مائة مليون دينار عراقي .

ب- ٢٪ مازاد عن ( ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) مائة مليون دينار عراقي و لغاية ( ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) مائتي مليون دينار عراقي .

ج- ٣٪ مازاد عن ( ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) مائتي مليون دينار عراقي و لغاية (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) ثلاثمائة مليون دينار عراقي .

د- ٥٪ مازاد عن ( ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) ثلاثمائة مليون دينار عراقي .

٣- تطبق الفقرة (١) أعلاه على الحصص أو السهام المباعة من العقارات المفرزة بصورة غير رسمية ايضاً بنسبة السهام أو الحصص.

٤- لاتسرى احكام الفقرة (١) أعلاه إذا كان البائع قد نقل ملكية حصة أو سهم مما يملكه من عقار مالم يكن قد مضى أكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة أو السهم .

**المادة الرابعة :**

تعدل الفقرة (الرابعة) من المادة الرابعة من القانون رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧ :

( رابعاً : تفرض الضريبة بنسبة (٥٪) لما يزيد على مليون دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية و القطاع الخاص مسجلين رسمياً وأصحاب المناصب و الدرجات الوظيفية الخاصة ) .

**المادة الخامسة :**

تبقى القوانين و القرارات الضريبية المعمول بها في اقليم كوردستان نافذة المفعول وبما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون

**المادة السادسة :**

على وزير المالية و الاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السابعة :**

على مجلس الوزراء و الجهاد ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الثامنة :**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون .

**المادة التاسعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**مسعود بارزانى**
**رئيس اقليم كوردستان – العراق**

**هـــەولـــير**

٢/تشرين الثاني/٢٠١١ى ميلادية
١١/گـەلاريــزان/٢٧١١ى كوردية
٦/ذوالحـــــجة/١٤٣٢ى هجرية

## الاسباب الموجبة

لتخفيف العبء الضريبى على كاهل المواطنين و إعادة النظر في الإعفاءات الضريبية ، فقد شرع هذا القانون .